# هەواڵەکانی کوردستان

## حەوفتا و دوو ساڵ زیندان بۆ ٨ هەڵسووڕاوی کورد

خوێندکاران و هەڵسووڕاوانی مەدەنی کورد هەروا لەلایەن دادگای ڕژیمی ئێرانەوە بەرەورووی فشار دەبنەوە.

ئەو حوکمانەی کە لەلایەن دادگاکانی ڕژیمی ئێرانەوە لە ماوەی یەک حەوتوودا دژ بە هەڵسووڕاوانی کورد دەرچووە:

١ـ ستار پەرویزی خوێندکاری کۆلێژی فەننی کرماشان، ١٦ ساڵ زیندان و تەبعید بۆ زیندانی کرمان

٢ـ خەبات یوسفی خوێندکاری زانکۆی کرماشان، ١٣ ساڵ زیندان و تەبعید بۆ زیندانی ڕەشت

٣ـ خەلیل فاتحی، ١٨ ساڵ زیندان و تەبعید بۆ زیندانی سمنان

٤ـ هوشیار پەشابادی، ١٠ ساڵ زیندان و تەبعید بۆ زیندانی قوم

٥ـ جەماڵ ڕەحمانی خوێندکاری زانکۆی ئیسفەهان لەلایەن لقی یەکی دادگای ڕژیم لە سنە ٦ ساڵ زیندان و تەبعید بۆ زیندانی ئیزەی بە سەردا سەپاوە

٦ـ ڕاشد عەبدوڵاهی خوێندکاری زانکۆی ئیسفەهان ٣ ساڵ زیندان و تەبعید بۆ زیندانی مەسجد سلێمان

٧ـ حسەین ڕەحمانی خوێندکاری زانکۆی ئازادی کەرەج، لەلایەن دادگای ڕژیم لە سنەوە ٦ ساڵ زیندانی بە سەردا بڕاوە

٨ـ ئەمیر ڕەزا ئەردەڵان خوێندکاری زانکۆی ئازادی ئیسلامی شاری ڕەزا شەش مانگ زیندان و شەش مانگ زیندانی هەڵپەسێردراوی بۆ بڕاوەتەوە.

***

## مامۆستاییێکی مەهابادی دوو ساڵ زیندانی بە سەردا سەپا

بە پێی هەواڵی هەواڵدەری موکریان، مامۆستاییێکی مەهابادی بە ناوی عەلی پاسبار لەلایەن دادگای ڕژیم لەو شارە حوکمی دوو ساڵ زیندان و ٤ ساڵ زیندانی هەڵپەسێردراوی بە سەردا سەپا.

پاسبار کە لەلایەن دادگای ڕژیم لە مەهاباد بە تاوانی هەڵسووڕان دژ بە ئاسایشی نەتەوەیی ڕژیم و هاوکاری لەگەڵ یەکێك لە هێزە سیاسیەکانی کوردستان، بە دوو ساڵ زیندان مەحکوم کراوە، لەم دواییانەدا لەلایەن هێزە ئەمنیەتیەکانی ڕژیمەوە لە بۆکان گیرا و بۆ بەسەر بردنی حوکمەکەی درا بە زیندانی مەهاباد.

عەلی پاسبار لە هاوینی ١٣٨٤دا ماوەییێك کەوتە زیندان و بە دانانی زەمانەت ئازاد کرا.

***

## بانگکرانی دوو کەسی سەقزی بۆ دادگا

بە پێی هەواڵی هەواڵدەری موکریان، دوو هاووەڵاتی سەقزی بە ناوەکانی عەلی حسەینی و محەممەد زەریفیان لەلایەن دادگای ڕژیمەوە بانگکراون و تۆمەتی ئەو دوو کەسە پروپاگەندە دژ بە ڕژیم ڕاگەیێندراوە.

جێگەی باسە سەید عەلی حسەینی و محەممەد زەریفیان مانگی ڕەمەزانی ساڵی ڕابردوو بەهۆی بەڕێوەبردنی ڕێ و ڕەسمی یادکردنەوەی هونەرمەندێك کە مردوە و سەربە یەکێك لە هێزە کوردستانیەکانە، لە یەکێك لە دێهاتەکانی دەورووبەری سەقز، لەلایەن هێزە ئەمنیەتیەکانەوە گیران و دوایی بە دانانی زەمانەت ئازاد کران.

***

## دوو زیندانی کورد لە زیندانی ورمێ مانیان گرتووە

بە پێی هەواڵی هەواڵدەری موکریان، دوو زیندانی کورد بە ناوەکانی عەلی تەپرەشی و ئیبراهیم حسەین پوور لە زیندانی ورمێ مانیان گرتووە.

وەك دەگووترێ تەپرەشی خەڵکی شاری نەغەدە و حسەین پوور خەڵکی پیرانشار لە نارەزایەتی بە نەدانی مەرەخەسی پێ یان مانیان گرتووە.

تاوانی ئەو دوو هاووەڵاتیە کە زیاتر لە پێنج ساڵە لە زیندان دان تێکگیران لەگەڵ هێزەکانی ڕژیم ڕاگەیێندراوە.

***

## وون بوونی خوێندکارێکی کورد لە زانکۆی ورمێ

ڕۆژی هەینی ١٧ی خەزەڵوەر ڕەحمان ڕەحیم پوور یەکێك لە هەڵسووڕاوانی خوێندکاری زانکۆی ورمێ وون بووە و تا ئێستا هیچ هەواڵێك لە هەل و مەرج و شێوەی گیرانی ئەو خوێندکارە نیە.

شایانی باسە ڕژیمی ئێران لە دوو ساڵی ڕابردوودا بەشێوەییێکی بەرچاو خوێندکارانی کورد بە شێوەی جۆراوجۆر دەگرێ و حوکمی قورس و تەبعیدیان بە سەردا دەسەپێنێ.

***

## گیرانی هەڵسووڕاوێکی سیاسی کورد لە کرماشان

بە پێی هەواڵی هەڵسووڕاوانی مافی مرۆڤ لە ئێران، مەجید وەیسی کوڕی کەریم کە ٢٥ ساڵیەتی خەڵکی دێی میران نمەکی سەلاس و باوەجانی سەر بە کرماشان، لەلایەن هێزە ئەمنیەتیەکانی ڕژیمەوە گیراوە و گوازراوەتەوە بۆ ئیتلاعاتی شاری کرماشان.

ناوبراو بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ هێزە سیاسیەکانی کوردستان گیراوە، مەجید وەیسی لە کاتی گیرانەوە تا ئێستا هیچ چاوپێکەوتن یا پێوەندییێکی لەگەڵ خانەوادەکەی نەبووە و لە گرتنی پارێزەریش بێ بەش کراوە.

***

## حوکمی ١٠ ساڵ زیندان بۆ خوێندکارێکی کورد

دادگای ڕژیم لە سنە حوکمی بۆ یاسر گوڵی خوێندکاری زانکۆی ئازادی ئیسلامی لقی سنە دەرکرد. بە پێی ئەو حوکمە یاسر گوڵی بە تاوانی هەڵسووڕان دژ بە ئاسایشی نەتەوەیی ڕژیم و پێوەندی لەگەڵ یەکێك لە حیزبە کوردستانیەکان بە ١٠ ساڵ زیندان مەحکوم کرا.

یاسر گوڵی خوێندکاری کارناسی ئاوەدان کردنەوەی زانکۆی ئازادی ئیسلامی سنە، یەکەمین سکرتێری یەکیەتی دێموکراتێکی خوێندکارانی کوردی زانکۆکانی ئێران، سەرنووسەری بڵاوکراوەی خوێندکاریی کوردی ـ فارسی زانکۆی ئازادی سنە و یەکێك لە هەڵسووڕاوانی خوێندکاری کورد بوو.

***

## وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕژیمی ئێران چەند مزگەوتی شاری سنەی داخستووە

بە پێی هەواڵی گەیشتوو، وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕژیمی ئێران چەند مزگەوتی لە شاری سنە داخستوە، هۆی بەستنی ئەو مزگەوتانە ڕێگەگرتن لە پیلان گێری دژ بە ڕژیمی ئاخوندی و دۆزینەوە و گرتنی کەسانی سیاسی ڕاگەیێندراوە.

ناوی ئەو مزگەوتانەی کە ڕژیم دایخستوون بریتین لە:

مزگەوتی پێغەمبەر لە گوڵشەن، مزگەوتی حەزرەتی عومەر لە سیروس و مزگەوتی چواریار لە بەهاران.

***

## ڕێگە نەدرا بە کردنەوەی کلاسی فێرکردنی زمانی کوردی لە قوروە

هەواڵدەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بڵاوی کردەو، لە دوای ئەوەی کە لە گەلاوێژی ئەو ساڵدا ئیدارەی ئەماکنی شاری قوروە بە بەهانەی نەبوونی ئیجازەی هەڵسووڕانی فێرکردن لە بینای بەڕێوەچوونی کلاسەکانی زمانی کوردی شاری قوروە، تەنیا کلاسی فێرکردنی زمانی کوردیی قەدەغە کرد.

بەڕێوەبەرانی ئەو کلاسانە کە بە نوێنەرایەتی ڕەسمی لە ناوەندی سۆمای مەهاباد و ئیجازەی شۆرای شاری قوروە لە مانگی سەرماوزی ١٣٨٥ەوە بە ڕەسمی هەڵسووڕانی خۆیان لەو شارە دەست پێ کردبوو، لە چەند مانگی ڕابردوودا بە بەردەوامی سەردانی ئیدارەی ئەماکن و ئیدارەی ئێرشادی شاری قوروە نەیان توانیوە دووبارە کلاسەکانیان دانێنەوە.

***

## ئاگادارییێك لە کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

سەرجەم دوستان و لایەنگران و بە تایبەت هەستە تشکیلاتیەکانی ناوەوەی کوردستان ئاگادار دەکەینەوە کە بە پێی هەواڵێك کە لە سەرچاوەییێکی باوەڕ پێکراو بە دستمان گەیشتوە، شیرکەتی موخابراتی ڕژیمی ئاخوندی لە ڕێکەوتی ٢٠ی خەزەڵوەرەوە، بۆ کۆنتڕۆڵ کردنی پەیوەندیە ئینتێرنێتیەکان، هەر ٢٠ دەقیقە جارێك ئیمەیلێك بە ناوی "کارت انترنیت مجانی" دەنێرێت بۆ مایلی (keylogger).

هەر کە ئەم ئیمەیلە کرایەوە یەکسەر هەموو نوسراوەو بەڵگەکانی ناو کومپیوتێرەکە دەنێردرێت بۆ ئادرەسی

mail to:research@irantelecom.ir

وە دەکەوێتە دەست هێزە ئەمنیەتیەکانی ڕژیم هەر بۆیە بەم بۆنەوە داوا لە هەموو دۆستان و لایەنگران و بە تایبەت هەستە و ڕێکخستنەکانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران دەکەین کە زۆر بە وریاییەوە هەنگاو هەڵگرن و کار بکەن و لە کردنەوەی ئەم ئیمەیلە واتە (کارت انترنتی مجانی) خۆ ببوێرن!!!

کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

٢٩ی خەزەڵوەری ١٣٨٧

## سادقی مەحسولی لەو کەسانەیە کە لە کوردستاندا تاوانی ئەنجام داوە بۆ وەزیری ناوخۆی ڕژیم ناسێندرا

سەرۆك کۆماری ئاخوندەکان، پاسدار سادقی مەحسولی یەکێك لەو کەسانەی کە لە کوردستاندا جینایەتی ئەنجام داوە، وەك وەزیری ناوخۆی بە مەجلیسە دواکەوتووەکەی ڕژیمی ناساند.

تلویزیونی ئاخوندەکان بڵاوی کردەوە، سەرۆك کۆماری ڕژیم لە نامەییێکدا سادقی مەحسولی بە وەزیر پێشنیار کراو بە مەجلیس هاتووە ناوبراو لە فەرماندەکانی لەشکری٥ و لەشکەری تایبەت، جێگری وەزیری دیفاع، بەڕێوەبەری ئەنجومەنی مەشوەرەتی کۆمەڵی لێکدانەوەی قازانجەکانی ڕژیم و هەڵسووڕان لە پلەی ڕاوێژکاری سەرۆك کۆمار، کاری کردووە.

پاسدار مەحسولی کە تا ئێستا لە ڕاوێژکارانی دانراوی وەلی فەقێ بووە، پێشوونەییێکی جینایەتکارانەی لە سوپای پاسداراندا هەیە.

هەروەها ڕاگەیێنەکانی ڕژیم لە مەسەلەی تێکگیرانی باندەکان نووسیان: سەرداری ملیاردێر، سادقی مەحسولی بەرەو وەزارەتی ناوخۆ دەڕوا.

لەلاییێکی دیکەوە سکرتاریەتی شۆرای میللی مقاومەت لە ڕۆژی ١٣ی خەزەڵوەردا لە ڕاگەیێندراوێکدا سەبارەت بە پێشوونەی سادقی مەحسولی نووسی بووی کە سادقی مەحسولی یەکێك لە جینایەتکارترین فەرماندەکانی سوپای پاسدارانە کە پێشوونەییێکی زۆری لە سەرکوت و شەهید کردنی خەڵکی کوردستان هەیە.

ناوبراو ماوەییێك فەرماندەی سوپای پاسداران لە ناوچەی ٥ ی وەڵات (ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)، فەرماندەیی لەشکەری ٦ی تایبەتی سوپا و بەرپرسی لێکۆڵینەوە و پشکنینی سوپای لە ئەستۆ بووە. ناوبراو هەروا وەك فەرمانداری ورمێ و جێگری ئوستانداری ئازەربایجانی ڕۆژئاوا دەورێکی بەرینی لە سەرکوتی سەرهەڵدانەکان دژ بە ڕژیمی ئاخوندی لەو ئوستانەدا هەبووە.

لە ڕۆژی ١٠ی پووشپەڕی ١٣٨٦دا ماڵپەڕی باندی خاتەمی نووسی: سادقی مەحسولی ڕاوێژکاری پلەبەرزی سەرۆك کۆمار لە هەر دەقیقەدا ٢٩٢ هەزار تمەن داهاتی هەیە.

هەر بەو پێ یە پاسدار سادقی مەحسولی، داهاتی گەیشتۆتە ١٦٠ ملیارد تمەن و ئەو داهاتە لە دوای هاتنە دەری لە سوپای پاسداران وەدەستی هێناوە.

***

## سازمانی خەبات شەهید کرانی عەبدوالڕەزا ڕەجەبی بە دەستی بەکرێگیراوانی ڕژیم مەحکوم دەکا

سازمانی موجاهیدین خەلقی ئێران، ڕایگەیاند ڕۆژی ٧ی خەزەڵوەر ئەندامێکیان بە ناوی عەبدلڕەزا ڕەجەبی لە زیندانی گەوهەر دەشت لە ژێر شکەنجەی جەلادەکانی ڕژیمی ئاخوندیدا شەهید کراوە.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران ئەو کردەوە قیزەون و دڕندانەی ڕژیمی ئاخوندی مەحکوم دەکا و لە هەمان کاتدا پێی وایە کوشتن و ئێعدام و هەڕەشەی کار بەدەستانی دەسەڵات لە بەرانبەر ئازادیخوازان و جەماوەری وەزاڵە هاتووی ئێران، دەرخەری داماویی و بێ هیوایی کار بە دەستانی دەسەڵاتە.

ئاشکرایە دەسەڵاتدارانی ڕژیمی ئاخوندی بە خەیاڵی خاویان هەوڵ دەدەن بە فشار و هەڕەشە کۆتایی بە نارەزایەتی جەماوەریی بێنن، بەڵام بێجگە لە شکست و لەناو چوون و تەریك کەوتنەوە، هیچ ئاکامێکی دیکەیان دەست ناکەوێ.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

١٣٨٧/٨/١٠

***

## لە زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج هەڕەشە لە زیندانیە سیاسیەکانی کورد دەکرێ

بە پێی هەواڵی گەیشتوو لە زیندانی ڕەجایی شاری کەرەجەوە، زیندانیانی سیاسی کورد بە بەردەوامی لەلایەن هێندێ لە زیندانیە تاوانکارەکانەوە ئازار دەدرێن و هەڕەشەیان لێ دەکرێ و بەرپرسانی زیندان لە بەرانبەر ئەو کردەوانەدا بە تەواوی بێ هەڵوێستن.

ئەو زیندانیانە لە پێوەندییێکی تەلەفونی دا لەگەڵ خانەوادەکانیان گوتوویانە کە لەلایەن ژمارەییێك لە زیندانیە قاتل و قاچاخچیەکانی مەوادی موخەدیرەوە هەڕەشەیان لە سەرە و گوتوویانە ماوەی ٤ ڕۆژە کە بە قەمە و لەتە شیشە هەڕەشەی کوشتنیان لێ دەکرێ.

بە پێی هەواڵ تا ئێستا چەند جار ویستوویانە لەگەڵ بەرپرسانی زیندان لە بارەی ئەو هەڕەشانە ووتووێژ بکەن بەڵام تا ئێستا هیچ یەك لە بەرپرسانی زیندان ئامادەی چاوپێکەوتن نەبوون لەگەڵیان و هەروا لە مەترسیدان.

زیندانیانی سیاسی زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج ڕایانگەیاندوە کە ئەو هەڕەشانە لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتیەکانەوە داڕێژراوە و داوایان لە تەواوی ناوەندەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ کردوە کە سەبارەت بەو کردەوە نامرۆڤانەی ناوەندە ئەمنیەتیەکانی ڕژیمەوە بێ دەربەست نەبن و لێپرسراوەتی هەرجۆرە موشکیلات و هەڕەشەیێك لەوان دەبینن.

ناوی ژمارەییێك لەو زیندانیانە بریتیە لە:

ئیسماعیل قوردویی میلان کوڕی تاج الدین لە دایکبووی شاری خۆی/ ٥ ساڵ زیندان

ناسر یوسفی کوڕی سەید عەلی لە دایکبووی مەریوان / ٨ ساڵ زیندان

کەریم قادری کوڕی محەممەد لە دایکبووی پیرانشار/ ٤٣ مانگ زیندان

کاوە مەجیدی فەر کوڕی ئیسماعیل /٣٠ مانگ زیندان

ئەو زیندانیانە بە گشتی بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ ئەحزابی کوردستانی حوکم دراون. هەروەها ئەو کەسانە لە نامەییێکدا کە بەم دواییانە بڵاویان کردەوە لە سەر هەل و مەرجی خۆیان ووریاییان داوە و داوایان کردبوو کە پێ یان ڕابگەن.

***